کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-6-2007 21:43بەکاتی ناوەندی ئەوروپا



## رونکردنەوەیەک لە کەمپینی "ناردنە دەرەوەی بەپەلەی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی" لەهەڵەبجەی شەهید بۆ رای گشتی

دوای ئەوەی لە یەکەمین چالاکی کەمپینی "ناردنە دەرەوەی بەپەلەی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی " لە یاداشتنامەیەکدا داوامان لەهەریەك لە "سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد" کە کاری بە پەلە بکەن بۆ:

1. ناردنە دەرەوەی کامیل عبدالقادر وەیس کەئێستا ژیانی دژوارە بۆ چارەسەرو هەرچی پێویستیە بۆی بکرێت تاچی زوترە ژیانی بۆ بگەڕێتەوە.
2. ئەو نەخۆشانەی کە لە راپۆرتی پزیشکی پارساڵی وەزارەتی تەندروستیدا ناویان هاتووە و وە ئەوانەشی کە لەو راپۆرتەدا نەبینراون پەلە لە ناردنە دەرەوەیان بکرێت و کاری پێویستیان بۆ ئەنجام بدرێت.

بۆ وەڵامی بەپەلەی ئەم داواکاریانەشمان تەنها 10 رۆژمان دیاری کردبوو ئەگەر نا ناچار بە هەڵوێست وەرگرتنی دی ئەبووین، بۆیە ئێستا پاش تێپەر بوونی 11 رۆژ بەسەر ئەو یاداشتەدا بە پێویستی ئەزانین ئەم رونکردنەوەیە بۆ رای گشتیو هاوڵاتیانی کوردستان بدەین.

1. هەفتەیەك بەر لە ئێستا سەرۆکایەتی هەرێم "کامیل عبدالقادر وەیس"ی رەوانەی تارانی پایتەختی ئێران کرد و پاش یەك هەفتە مانەوە ئێستا ناوبراو گەراوەتەوە هەڵەبجە، بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست ئێمە کەوتوە پزیشکەکان، وڵاتی بەریتانیایان بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشە دیاری کردووە.
2. وەزارەتی تەندروستی لەڕێی بەیاننامەیەکەوە پشتگیری خۆی بۆ کەمپینەکەمان نیشانداو چەند زانیاریەکی خستوەتەڕو ئێمە ئەم کارەی وەزارەتی ناو براو بە هەنگاوێکی مەدەنیانە ناو ئەبەین لە هەڵسان بە راپەراندنی ئەکەکانی خۆیاندا، داواکاریشین وەزارەتی تەندروستی ئەو پرۆژانەی لەبەیاننامەکەیدا ناویان ئەبات پەلە بکات لە جێبەجێکردنیاندا.

بۆیە بەپێویستی ئەزانین بڵێین لەبەر ئەم دوو خاڵەی سەرەوە کەمپینەکەمان کارەکانی خۆی ئێستا لەچاوەڕوانیدا ئەهێڵێتەوە و، چاوەڕێن وەك بەڵێندراوە م. کامیل بۆ چارەسەر رەوانەی هەروڵاتێك کە چارەسەری ئەوی لێبێت بکرێت و بەپەلە بریندارەکانی تری چەکی کیمیای چارەسەر بکرێن.

بەهیوای هەموو لایەك بۆ خزمەتی بەشێك لەو کەسانەی بەردەوام لەگەڵ مەرگدا ئەجەنگن کار بکەین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

2007/6/5

ناوی ڕێکخراوەکانی بەشدار لەم کەمپینەدا:

- گروپی چاودێری و بەدوادا چوون
- ناوەندی چاك/ هەڵەبجەی شەهید
- سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ D. H. R. D ئۆفیسی هەڵەبجە
- یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان لقی شارەزوور
- کۆمەڵەی روناکبیری و گەشەپێدانی هەڵەبجە
- ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.